

# رۆڵی گەنجان لە راپەرینی ١٩٩١/٣/٥ دا

خالید قادر_ هێڤار
Hevar_1@yahoo.com

وەك چۆن توێژی گەنجان هەمیشە بەوە دەناسرێن کەخاوەن تین و توانایەکی گەورەن، بزۆز و چالاك و زیندوون ، وێنای قۆناغێکی تازە و ، خاوەن خەون و خولیایەکی گەورەی ژیانن ، هەوێنی نوێ بوونە و رانانی گۆرانکاری و گەشە کردنی کۆمەڵگان . بەهەمان شێوەش راپەرینی ١٩٩١/٣/٥ هەڵگری خەسڵەتێکی گەنجانەیە و دەروازەی گۆرانکاری و وەرچەرخانێکی گەورەی مێژووی کۆمەڵگای کوردیە ،چونکە راپەرینی ٣/٥ چەندە دەربری ئازادی و رزگاری بوبێت هێندەش خاوەنی فەرهەنگی پێکەوە ژیان و پەرە پێدانی گیانی لێبودەیی و دارشتنی گوتارێکی هاوبەشی کوردی و زەمینە رەخسانی دیموکراسی و دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردیە .

گەنجانی شاری رانیە لە راپەرینی ٣/٥ گەورەترین رۆڵیان لە مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا گێرا بە جەسووری و قارەمانیەتیەکی گەورەوە بە گژ دامو دەزگا داپۆلسێنەرەکانی رژێمی دیکاتۆری بەعسدا هاتنەوە و لەماوەیەکی زۆر کەمدا تەخت و تاراجی عەفلەقیەکان وێران دەبێت . لە رانیەوەش باهۆزی ئازادی و رزگاری ، هەڵدەکات و ، شار بە شار و گوند بە گوندی کوردستانی باشوور دەگرێتەوە . بە پێویستی دەزانم بەشێکی کەم لە مێژووی ٣/٥ باس بکەم بەتایبەتش لەسەر رۆڵی گەنجان کە هەوێن و داهێنەری یەکەمی راپەرین بوون .

بەرە بەیانی رۆژی سێ شەممە ی ١٩٩١/٣/٥ ئەو رۆژەی کەچەند پەلە هەورێك لە ئاسمانەوە بوو ، باران نم نم روومەتی ئەو گەنجانەی تەر دەکرد کە لەبەردەم مزگەوتی گەورە و لای فولەکەی ناو بازاری رانیە کۆبوبونەوە ، دوکانەکان داخرابوون ، بۆنی راپەرین هەر زوو کوچە و کۆڵانەکانی شاری تەی کردبوو ، گەنجەکان سەرەتا بەرمیلەکانیان هەڵدایە سەر زادە و دەستیان بە هوتاف کێشان کرد خێرا پیاوانی رژێم ، بە تەقەوە پەلاماری گەنجەکانیان دایەوە ، رووبەروو بونەوە دەستی پێکرد ، لێرەوە ئیرادەی گەنجانی رانیە یەکەم زەنگی راپەینیان زرینگاندەوە وهیدی هیدی شار خرۆشا تا لە گەرەکی سەراوە بە دەستی قارەمانی راپەرین ( عەلی نەبی ) بەعسی قران دەستی پێکرد ، هوتافی ( بژی گەل هێزی گەل حوکمرانیەتی بۆ گەل ) شاری سەراپا گرتەوە ،بۆنی بارووت و

تەقەی گولە و پەلاماردانی دەزگا عەفلەقیەکان بەردەوام  بوو ، گەنجان بە ووروژم  و پۆل پۆل پەلاماری دائیرەکانی ئەمن و ئیستیخبارت ومخابەرات و  تەواوی مۆلگەکانی رژێمیان دا،  ئیدی رانیە بوو بە بورکانێك و تەقیەوە ، گەنجانیش سەرقافلەی پێشرەوەی بوون و توانیان  هەرزوو بانگەشەی رزگاری لێبدەن و بلێندگۆکانیش  بکەنە سەکۆی بلاّو بوونەوەی ئازادی و دەستپێکی ژیان و قۆناغێکی نوێ  .
چەندان گەنجی وەك (  شەهید محمد هەمزە وشەهید خالید و شەهید عەزیز و شەهید بەهرۆز و شەهید ئەرسەلان و شەهید رزگار و شەهید مستەفا و ....هتد )  نمونەی ئەو گەنجە قارەمانانە بوون کە بە خۆیان چرای راپەرینیان داگیرساند  .
لێرەوە گەنجانی رانیە چەندە  بەخوێنی خۆیان ، دەروازەی  بە شکۆ ترین راپەرینی مێژووی گەلی کوردیان کردبێتەوە و  شەرەفی دەروازەی راپەرینیان  بە بەرۆکی ئەو شاری رانیەدا کردبێت ، هێندەش وێنای شۆرشێکە بۆ هێنانە کایەی ژیانێکی نوێ ،  بە گژداچوونەوەی  کەلتوورێکی داخراو عەقلێکی شەرانگێزە  ، شەرێکە  لەگەڵ بێباکی و بێدەنگی  و لاوازی و خۆخۆری و مێژوویەکی بێدەنگ . هەڵگری مانایەکە بۆ  وەدیهێنانی  کەشێکی ئازاد و لە بار  ، کە تاکی کوردی بتوانێت  لە سایەیدا  ئارام بگرێت و پەرە بە ئازادیەکانی خۆی بدات ، رۆڵ ببینێت لە دروست کردنی مێژووی خۆیدا  ، ببێتە کارەکتەرێکی زیندوو  کە توانای گۆرانی هەبێت  ،  ئەم بەستەڵەکانە بشکێنێت  ، کە بە درێژایی مێژوو گەلی کوردی لە ناو بازنەیەکی  داخراودا خولاندۆتەوە .